لەدەرەوەی بازنەدا

# وێنەی ناشیرین!



نەوزاد عەلی ئەحمەد
سوید

* کچەکەی خۆی کوشت، چونکە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی سویدی هەبوو.

* خوشکەکەی خۆی کوشت، چونکە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێك هەبوو هاوشاری خۆی نەبوو.

* لە قەڵەباڵغترین بازاڕی ستۆکهۆڵمدا بە دەمانچە تەقەی لە هاونەتەوەیەکی خۆی کرد.

* بە تلیاکەوە لەسەر سنووری وڵاتێکیتر گیرا.

* پیتاکی بۆ گەورە تیرۆریستەکان کۆکردۆتەوە.

* ژنەکەی خۆی کوشت، گوایە سێکسی لەگەڵ پیاوێکیتر کردووە.

* دزی لە سوپەرماکێتێك کردوە.

* لە ژنەکەی خۆی داوە بە مەبەستی کوشتن...... هتد.

ئەمە تەنیا هەشت وێنەی ناشیرینی کوردە لە سویدو بکەری ئەو کارانە ئێستا لە زیندان بیرەوەریەکانی خۆیان لەگەڵ دیواردا دەنووسنەوە، بە داخەوە لێرەش کورد خەریکە لە پاڵ وێنە جوانەکاندا، وێنەی ناشیرین و تەڵخ نمایش دەکات.
سوید کۆمەڵگایەکی تا سەر ئێسقان کراوەیە، بەڵام هەموو پنت و خاڵەکانی ئەو کراوەییە، یاسا بەڕێوەیان دەبات و تاکەکان مولتەزیمن بە بەندی یاساکانەوە.

سەرەڕای بوونی وەزارەتێك بە ناوی ئاوێزان بوون( تێکەڵاو بوون ) کە کاری ئەو وەزارەتە زیاتر بۆ تاکی بێگانەیە، چۆن لەگەڵ سیستەمی وڵاتەکە ئاوێزان دەبێت، بەڵام هێشتا ڕێژەیەکی زۆری کورد لە دەرەوەی کۆمەڵگاکەن و نامۆن بە سیستەمی وڵاتەکە.

لە سیستەمی حوکمڕانی سویددا، کولتوورو زمان و داب و نەریتی نەتەوە جیاجیاکانی نیشتەجێی سەر خاکی سوید بە گوێرەی یاسا پارێزراون و هەموو نەتەوەیەك بۆی هەیە پیرۆزی کەسێتی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت، بەڵام ناتوانرێت خروقاتی یاسایی بکرێت، بۆ نموونە مادام منداڵەکەی من و منداڵەکەی سەرۆك وەزیران وەك یەك مافیان پارێزراوە هەردووکیان مانگانە لە یەك ڕۆژدا ( ١٠٥٠ کرۆن ) وەردەگرن، کەواتە بەرامبەر بە ڕا پەڕاندنی ئەرکەکانیش یەکسانن.
واتە : پێویستە عەقڵیەتی شەڕانگێزی لە خۆمان دا بماڵین و ببینە کوردێکی سویدی.